www.kurdistannet.org
19:57 2007-11-19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئایندەی مەلا کرێکار ... دڵزارحەسەن

ئەو وتەیەی کە دەڵێت" ئوسامە بن لادن تاجی سەری ئوممەتی ئیسلامییە"* کرێکاری لە ئەمیری جوندولئیسلامەوە گەیاندە دۆخێکی دژوار، دادگای وڵاتی نەرویج بە هۆی زۆرێك سکاڵا ماوەی چەند ساڵێکە کرێکاری لە شوێنی نیشتەجێبوونیەوە دەست بەسەرکردوە. دوای ئەمە لەلایەن زۆرێك کەس و گروپەوە دۆسیەی تایبەتی لەسەرکرایەوە وەك بازرگانیکردن بە ماددەی بێهۆشکەر و تیرۆر و تۆقاندن... هتد، بەڵام تا ئێستا جگە لە ئاماژەدان بەوەی مەلاکرێکار "مەترسی لەسەر ئاسایشی وڵاتی نەرویج هەیە" دادگای ئەو وڵاتە نەیتوانیوە بە هیچ تاوانێکی دیکە سزای بدات. ئەم بڕیارەی دادگا سەرنجی رۆژنامەنووسانی بۆ لای ئەو پرسیارە راکێشا، ئایا دوای یەکلابوونەوەی دۆسیەکان لە دادگای نەرویج چارەنووسی کرێکار بە کوێی دەگات. تەسلیمکردنەوەی بە عێراق یان ئازادکردنی بەوەی " کوێی پێ خۆشە بۆ ژیان هەڵبژێرێت.

بێگومان هەریەك لەو ئەگەرانە دونیایەك خوێندنەوە و پرسیار بە دوای خۆیدا دەهێنێت. دانەوەی بە عێراق کە وەك خۆی لە میدیاکان ئاماژەی پێداوە رەنگە کارێکی مەحاڵبێت، بەبەڵگەی ئەوەی لە نزیکەوە کاربەدەستانی ئێستای عێراق دەناسێت و ئەمانیش ئامادەنین خۆیان بخەنە نێو ئەو گێژاوە. هەڵبژاردنی شوێنێکی دیکەش بۆ خۆی گریمانەی ئەوە دەدا بەدەستەوە کە لەمەشدا کرێکار سەرکەوتوو نەبێت و دواجار هیچ دەوڵەتێك بەخۆییەوە نەگرێت. بۆیە تاکە رەهەند بۆ دیاریکردنی چارەنووسی مەلاکرێکار بە دەست حکومەتی نەرویجەوە گەڕاندنەوەیەتی بۆ زێدی لە دایك بونی کە کوردستان و شاری سلێمانییە. هەرچەندە دەشی دادگا بەهۆی جێبەجێنەکردنی سزاکە و نا ئارامی عێراق و کوردستان کە رەنگە گیانی مەلاکرێکار لێیەوە بکەوێتە مەترسیەوە، وڵاتی نەرویج بۆ ماوەیەکی نادیار لە شوێنی حەوانەوەیدا وەك دەست بەسەر بهێڵێتەوە. لەگەڵ هەر ئەگەرێکیش بۆ گەڕاندنەوەی کرێکار بۆ کوردستان ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئاخۆ دەسەڵاتداران و دادگای کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ چارەنووس و دۆسیەی کرێکاردا دەکات، ئایا دەخرێتە زیندانەوە یان ئازاد دەکرێت. رەنگە بۆچونی سێیەم بێتە ئاراوە و مەلاکرێکار بدرێتە دادگای تاوانەکانی کوردستان، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەدا دەبی بپرسین ئاخۆ دادگای تاواناکان لە کوردستان بە چ کەیس و دۆسیەیەك کرێکار دادگایی دەکات. لە کاتێکدا بە هۆی ئەو زانیارانەی دەست میدیاکان کەوتوون زۆربەی ئەو کەیس و سکاڵاو دۆسیانەی کە بۆ سزادان و تاونبارکردنی مەلاکرێکار خرابوونە بەردەستی دادوەرانی دادگای تاوانەکانی وڵاتی نەرویج گشتی لەلایەن دادگاوە هەڵاوێردکراون و لە ئاکامدا هەموولایەك بینیمان تەنها بە تاوانی" بوونی ئەو مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەیان " هیچ سزایەکی دیکەی بەسەر نەسەپاندووە. بێگومان جگە لەمە خۆ ناشکرێت لەدەرەوەی دادگا سزا بدرێت یان رێگا بدرێتە ئەمریکایەکان بیبەنە گرتووخانەی گوانتانامۆ، رەنگە هەر ئەوەش هۆکار بێت کە دادگای تاوانەکانی عێراق و کوردستان تا ئێستا نەیانتوانیوە بە ئاشکرا و راستەوخۆ داوای مەلاکرێکار لە وڵاتی نەرویج بکەن و تا ئەمانیش وەك تاوانبار لە دادگای تاوانەکاندا دۆسیەی بۆ بکەنەوە. لێرەدا بەشێکی زۆر لە میکانیزمی یەکلایکردنەوەی چارەنووسی مەلاکرێکار دەکەوێتە ئەستۆی کاربەدەستانی کورد، نەك عەرەبە عێراقیەکان. بەوەی کێشەی کرێکار راستەوخۆ پەیوەندی بە ئاسایشی کوردستانەوە هەیە، هەر ئەو فاکتەرەشە وادەکات دواجار کرێکار ناچاربکرێت بکەوێتەوە دەست بەرپرسان و دەسەڵاتداران لە کوردستان. رەنگە لەم وەرگرتنەوەیەی کرێکار لەلایەن حکومەتی کوردیەوە دۆخی سیاسی ناوچەکە رۆگەیەکی دیکە بە خۆیەوە ببینێت.

*ئاماژەیە بە دیدارێکی مەلاکرێکار کە پێش ئازادی عێراق هەفتەنامەی هاوڵاتی لەگەڵی سازیدابوو.

dlzarhessen@yahoo. com

تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆشەی" دەنگ" ی ژمارە 334ی رۆژنامەی کوردستان راپۆرت بڵاوبۆتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.